**Komala Party- Iranian Kurdistan**

**كومه له – سازمان انقلابى زحمتكشان كردستان ايران**
**كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران**

## مراسمی26ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی كۆمەڵەی شورشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران

ڕێكەوتی 12.2.2006 ڕێكخراوی كومیتەی كۆمەڵە لە وڵاتی سویس مەڕاسمێكی شكۆداریان بەڕێوەبرد.
مەڕاسیمەكە لەناو ئاپۆرەی بەشداربووان دا بەم جۆرە دەستی پێكرد: دوای بەخێرهاتن وپارچە پەخشانێك لە لایەن بەڕێوەبەرانی بەرنامەكە هاوڕیان سۆیبە سەفەری و ئەحەد ئەحمەدزادە وە ڕیزی بەرنامەكان ڕاگەیەندرا ، بەدوای ئەوەدا مەڕاسیمەكە بەسرودی كۆمەڵەی زەحمەتكێشان دەستی پێكرد كە كەش وهەوایەكی تایبەتی دا بە مەڕاسیمەكە،پاشان خولەساتێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لەیادی گیان بەختكردووانی ڕیزەكانی كۆمەڵە و هەموو گیان بەختكردووانی ڕێگای ئازادی ومافەڕواكانی گەلی كورد و دادپەروەری كۆمەڵایەتی ڕاگەێندرا، بەدووای چەند شیعر وپەخشاندا هاوڕێ حەسەنی موحەمەدی كادری لەمێژینەی كۆمەڵە لەلایەن كومیتەی سویسە وە لە سەر ڕۆژی كۆمەڵە وبارودۆخی ئێران وكوردستان وتارێكی پێشكەش كرد،لەوڕێوڕەسمەدا چەندین پەیام و بروسكەی پیرۆزبایی كە لەلایەن ڕیكخراوەسیاسیەكانی كوردستان وئێران وكەسایەتیە سیاسیەكانەوە پێمان گەیشتبون لە لایەن خۆیان یان موجری بەرنامەوە خوێندرانەوە،كە بریتی بوون لە:

1- كومیتەی یەكیتی نیشتمانی كوردستان – لقی سویسرا
2- پارتی یەكیتی كورد لە سوریە-سویس
3- حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران بەناردنی پەیام پیڕۆز باییان كرد
4- حیزبی شیوعی كوردستان – سویسرا
5- ناوەندی هەڵەبجە دژبە ئەنفال وژینۆسایدی گەلی كورد (چاك) – سویسرا
6- سازمان اتحاد فدائیان خلق ایران – سوئیس
7- سازمان فدائیان خلق ایران – اكثریت – سوئیس
8- جبهه دمكراتیك خلق عرب احواز – سوئیس
9 – اتحاد دمكراتیك ایرانیان ترقیخواه - سوئیس

هەروەها مامۆستا ئاسۆ پیرۆتی كەسایەتی سیاسی بەم بۆنەیەوە وتارێكی پێشكەش كرد.
بەشی دوهەمی ئەویادە بریتی بو لە بەرنامەی هونەری ومۆسیقا كە هونەرمەندانی خۆشەویست هێرش هەورامی ، لۆكە زاهیر ، موحسن بەرزنجی ، نەبەز بابان ، ماهیر و ڕەوەز بە دەنگی بەسۆزیان وئاهەنگی جوانیان كۆرەكەمانیان تاشەودرەنگان بە ڕازاوەیی ڕاگرت.
لە ومەراسیمەداچەندین چاوپێكەوتنیش كرا ، ئەركی فیلم بەرداری مە ڕاسیمەكە هاوڕێ گۆرانەوە ئەستۆی گرتبوو ، ئێمە سپاسی زەحمەتەكانی دەكەین.

**كۆمیتەی كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران – كومیتەی سویس**
**12.2.2006**

## چەند وێنە لە مەڕاسمی ڕۆژی کۆمەڵە لە وڵاتی سویس















